17 ساڵ خەبات، خەرمانێك داهێنان... بەیاننامەی کۆمیتەی ناوەندی بە بۆنەی 17 هەمین ساڵوەگەڕی دامەزرانی پارتی ئازادیی کوردستان

رۆڵەکانی نەتەوەی کورد!
بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان!
خەباتگێڕانی ڕێگای ئازادیی و سەربەخۆیی کوردستان!

30 گوڵانی 2708 کوردی، 19 مایسی 2008 زایینی، 17ساڵ بە سەر ڕاگەیاندنی دامەزرانی پارتی ئازادیی کوردستاندا ڕادەبڕێ. پارتی ئازادیی کوردستان کە تا کۆنگرەی یەکەمی (10-12 ئۆکتۆبری 2006) بەناوی "یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان"ەوە خەباتی دەکرد، 17 ساڵ لەمەوبەر لە لایان خەباتگێڕی ناسراوی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان، شەهید سەعید یەزدانپەنا و بە یاوەریی پۆلێک لە لاوانی خەباتگێڕی وڵاتەکەمان بەردی بناخەی دانرا.

کۆمیتەی ناوەندیی PAK، بەم بۆنەیەوە گەرمترین پیرۆزبایی پێشکەشی هەموو ڕۆڵەکانی نەتەوەکەمان و ڕێبوارانی ڕێگای ئازادیی و سەربەخۆیی کوردستان و خەباتگێڕانی ڕیزەکانی PAK لە هەموو ئۆرگان و دامەزراوە حیزبییەکان و لایەنگران و دۆستانی، دەکا. هەزاران سڵاوی ئەمەگ و وەفاش پێشکەشی شەهیدی دامەزرێنەر کاک سەعیدی نەمر و سەرجەم شەهیدانی کاروانی 17 ساڵەی خەباتی پارتی ئازادیی کوردستان و بنەماڵە سەربەرزەکانیان دەکا.

دامەزراندنی ئەم هێزە نەتەوەییە وەڵامێکی مێژوویی بوو بە پێویستییەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان و بەرهەم و ئاکامی پێگەیشتنەوەی گەشەی فیکری و پێگەیشتوویی سیاسی و ڕێکخراوەیی لە لایەک و دەرفەتی لە باری سیاسی لە لایەکی دیکەوە بوو.

بە هاتنە مەیدانی پارتی ئازادیی کوردستان ڕێبازێکی فیکری و سیاسی نوێ لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی نیشتمان داهات. پارتی ئازادیی کوردستان بە هەڵگرتنی چەمک و دروشم و سیاسەتی تازەوە، زەروورەتی هاتنە مەیدانی خۆی سەلماند؛ بۆشاییەکی سیاسی پڕکردەوە و جیاوازییەکانی لەگەڵ باقی هێزە سیاسییەکاندا بە ڕوونی دیارە.

پارتی ئازادیی کوردستان ئاڵای ئامانجە نەتەوەییەکانی هەڵگرت، ئیلهامی لە بیری ڕەسەنی بیرمەندانی گەورەی وەک ئەحمەدی خانی و حاجی قادری کۆیی وەرگرت و بووە یەکێ لە میراتگران و خوێنەستێنانی بە ئەمەگی سەردارانی مەزنی ئازادیی کورد: میر بەدرخان، نەهری، سمکۆ، شێخ مەحمود، شێخ سەعیدی پیران، هەڵۆەکەی ئارارات ئیحسان نووری پاشا و قازی محەممەد و بارزانیی مستەفا.

لە دۆخێکدا کە ڕۆحی ئێرانچێتی بە سەر بزووتنەوەی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا زاڵ بوو و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی کوردستان بە درێژە و بەشێک لە بزووتنەوەی سەرانسەری پێناسەدەکرا یان بە پاشکۆی بزووتنەوەی دیمۆکراتیک و جوواڵانەوەی کرێکاریی ئێران دادەنرا، پارتی ئازادیی کوردستان پێی لە سەر کوردستانی بوون و جیاوازیی و سەربەخۆیی خەباتی کورد و نێوەڕۆکی نەتەوەیی خەباتەکەی داگرت.

لە کاتێکدا، چوارچێوەی ئێران و پاراستنی تەواویەتی خاکی ئێران پیرۆز کرابوو، پارتی ئازادیی کوردستان تاکە هێزی سیاسی سەر گۆڕەپانەکە بوو، ڕزگاری یەکجاریی و سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەت و کیانی نەتەوەیی کردە ئامانجی ستراتیژیی خۆی.

لە دەمێکدا خودموختاری تاقە دروشم و ئامانجی سیاسیی هەموو هێزەکانی سەر گۆڕەپانەکە بوو، پارتی ئازادیی کوردستان بۆ یەکەم جار بۆ قۆناخێک ڕێگاچارەی فیدراڵی هەڵبژارد.

لە چەڵێکدا، هیچ چەمک و فۆرمووڵێک بۆ یەکخستنی ئیرادەی ڕۆڵەکانی کورد و هاوکاریی هێزە سیاسییەکانی کوردستان لە گۆڕێدا نەبوو و ئاڵۆزیی سیمای پێوەندییەکان بوو و "بەرەی دژی ئیمپریالیستی" و "کۆمۆنیزمی کرێکاری" بە ئاڵترناتیڤ دانرابوون، پارتی ئازادیی کوردستان، دروشمی پێکهێنانی بەرەی کوردستانی هێنایە ئاراوە و لە یەکەمین بەیاننامەی خۆیدا، بەندیکی تەواوی بۆ باس و سەلماندنی پێویستی بەرەیەکی کوردستانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تەرخانکرد.

لە حاڵێکدا لە پاش کۆماری کوردستانەوە ئاڵای پیرۆزی کوردستان نەوی بوو و لە هیچ جێیەک بەدیی نەدەکرا، پارتی ئازادیی کوردستان ئەو ئاڵایەی هەڵکردەوە و کردی بە بەشێک لە ناسنامەی سیاسی و ڕێکخراوەیی خۆی و هێنانە خوارێی ئاڵای داگیرکەر و هەڵکردنی ئاڵای کوردستانی کردە بەشێکی گرینگ لە ئەرکی خەباتگێڕانەی و لەو ڕێگایەشدا خۆێنی پۆلێک پێشمەرگەی قارەمانی، سووریی ئەو ئاڵایەی نەخشاندەوە.

لە بەستێنی نێونەتەوەییشدا پارتی ئازادیی کوردستان بە تێگەیشتن لە بارودۆخی نوێی جیهانی و کارلێکەری بە سەر پرسی کوردەوە، هەڵوێستی ئیدئۆلۆژیکیی لە دیپلۆماسیدا ڕەتکردەوە و پێی لە سەر دیپلۆماسی نەتەوەیی داگرت. هەر لەو بوارەدا دامەزرانی ئۆرگانێکی یەکگرتووی کوردستانی بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکی دیپلۆماسی کوردی پێشنیار کرد.

لە لایەکی دیکەوە پرسی ڕزگاری نەتەوەیی و خەبات بۆ وەدەستهێنانی ماف و ئازادییە نەتەوەییەکان، پارتی ئازادیی کوردستانی لە بابەتە دیمۆکراتی و کۆمەڵایەتییەکان خافڵ نەکردووە و دابینکردنی مافەکانی ژنان و کریکاران و زەحمەتکێشانی مێشک و بازوو و ژینگەپارێزیی بە تەواوکەری ئەو خەبات و ئامانجانە داناوە.

ساڵانی لە دایکبوون و وەسەرپێکەوتنی پارتی ئازادیی کوردستان، ساڵانێکی ئاسایی و لە بار نەبوون. بە هۆی داگیرکراوی هەموو خاکی نیشتمان لە لایەن هێزە داگیرکەرەکانی ئێرانەوە، قەت ئەو دەرفەتەی بۆ نەڕەخسا وەک حیزب و لایەنەکانی دیکە، لانیکەم بۆ ماوەیەک بە ئازادیی لە جەرگەی شار و گوندەکانی وڵاتدا لە نزیکەوە لەگەڵ ڕۆڵەکانی گەلەکەمان تێکەڵ بێ، هەر لە ڕۆژی دامەزرانەوە تا ئێستا لە خەباتی نهێنیدا بووە. لە لایەکی دیکەوە لەو ساڵانەدا ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕکوودی سیاسییدا بوو و هەست و بیری نەتەوەیی لە نێو چین و توێژەکانی خەڵکدا کز و لاواز بوو. بێجگە لەوەش خەباتی کوردایەتی و بیری نەتەوەیی و ناسیۆنالیزمی کوردی لە ڕواڵگەی جۆراوجۆرەوە لە ژێر هێرشی خەستی دەستە و دایەڕەی ڕەوتە شۆڤێنییەکاندا بوو.

بۆیە لە دایک بوونی PAK نەک هەر وە ئەستۆگرتنی ڕەسالەتێکی ڕەسەن و مێژوویی نەتەوەیی بوو، بەڵکوو ڕاسان بەرانبەر ڕکوودی سیاسی وئەو هێرشانە بوو کە دەکرایە سەر ناسیۆنالیزمی ئازادیبەخشی کورد و خەباتی کورداییەتی.

کارنامەی پارتی ئازادیی کوردستان هەر ئەو خەرمانە داهێنانە فیکری و سیاسییانە نەبوو .PAK لە عەینی حاڵدا لە دژوارترین سالەکانی چارەگە سەدەی ڕابردووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی ڕۆژهەڵاتی کوردستان – 1991 تا 2000- لە قووڵایی هەرێمیکی ئاڵۆز و پڕ کێشە و ململانێ و بەر تەماحی هێزە ناوچەییەکاندا و لە ڕۆژانی پڕ زەبر و زەنگی کۆماری ئیسلامی و دەسڕۆیشتنی دام و دەزگا تیرۆریستییەکانی ئێران، توانی نەک هەر سەربەرزانە خۆڕاگرێ، بەڵکوو لە وەشاندنی زەبری توند لە هێزە داگیرکەرەکانی کۆماری ئیسلامی، دەورێکی چالاک بگێڕێ؛ تا ئەوجێگایەی کە ساڵانی 1997 و 1998 تەنیا هێزی پێشمەرگەی پارتی ئازادیی کوردستان بوو لە قووڵایی خاکی وڵاتدا زەبری لە دوژمنی داگیرکەر دەدا و عارەقەو خوێنی لێدەتکا.

لەو ساڵە بە ژمار کەم و بە ڕووداو زۆرانەدا، پارتی ئازادیی کوردستان تووشی هەوراز و نشێو و هەستان و شکانی زۆر هات، زەبری قورسی وێکەوت و برینی قووڵی هەڵگرت. بەڵام هەرگیز کۆڵی نەدا و بەچۆکدانەهات. هێشتا زۆر شلک و ساوا بوو کەوتە بەر پەلاماری تیرۆریزمی دەوڵەتی ئێران و ڕێبەرە لێوەشاوەکەی تیرۆر کرا؛ دەیان جار پیلانی بۆ هۆنرایەوە و تاوانی لە دژ کرا؛ دەیان فەرماندە و پێشمەرگەی بەوەجی لە مەیدانەکانی بەرەنگاری و بەرگری لە خاکی پیرۆزی نیشتمان، یان لە ئەشکەنجەگاکانی کۆماری ئیسلامییدا گیانیان بەختکرد؛ لە هەموو ئەوانە تاڵتر و جێی داختر، خوێنی پۆلێک لە باشترین کادر و پێشمەرگەکانی بە بێتاوانی بە دەستی برای خۆیان لە لایان هێندێ لایەنی کوردییەوە ڕژا.

بەڵام سەرەڕای نالەباری ئەو ساڵانە و تەنگ و چەڵەمە و ئاستەنگییەکان، کاروانی ڕێبوارانی ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان بێڕاوەستان لە ڕێدا بووە و ئەمڕۆ لە ئاکامی بیر و هەڵوێست و ڕێبازی دروست و لە سایی خوێنی شەهیدان و ڕەنج و زەحمەتی تێکۆشەرانی، پارتی ئازادیی کوردستان وەک قەوارەیەکی سیاسی، ڕێکخراوەیی و پێشمەرگەیی، پێشەنگی بزاڤی ناسیۆنالیستییە لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستاندا و سەنگ و قورسایی خۆی هەیە. لە ئاستی کۆمەڵگاشدا، بیری نەتەوەیی و ناسیۆنالیزمی ئازادیخوازی کوردی بووەتە بەهێزترین گوتاری سیاسی و تەنگی بە هەموو ئایدئۆلۆژیاکانی تر هەڵچنیوە و ئەو ڕەوت و تاقمانەش کە بە ناوی جۆراوجۆرەوە بەربینگیان بە بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد گرتبوو و لە بەرانبەر ڕێباز و خەباتی نەتەوەییدا ڕاوەستا بوون، تێکشکاون و ئێستا نوقمی قەیرانی سیاسی و ڕێکخراوەیین.

ئێستا ئیتر بە پێچەوانەی 17 ساڵ لەمەوبەر، تێکۆشەرانی پارتی ئازادیی کوردستان، لە هەڵکردنی ئاڵای کوردستان و هێنانە خوارێی ئاڵای داگیرکەردا بەتەنیا نین و کەم ماڵ و ماڵباتی کوردەواریی هەیە ئاڵای پیرۆزی کوردستانی تێدا نەبێ. ئێستا ئامانجی سەربەخۆیی و یەکگرتنەوە و بە دەوڵەتبوونی کورد تەنیا بیر و هزر و ئامانجی خەباتگێڕانی ڕیزەکانی پارتی ئازادیی کوردستان نییە و بوونەتە ئاوات و ئامانج و بیری زۆربەی کوردستانییەکان. ئێستا ئیتر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەر تێکۆشەرانی پارتی ئازادیی کوردستان نین کرنۆش دەبەن بۆ ڕۆحی بەدرخانییەکان و شێخی نەهری و شێخ عەبدولسەلام و سمکۆ و شێخ مەحمود و قەدەمخێری لۆڕستانی و داودخانی کەلهوڕ و شێخ سەعید و ئیحسان نووری پاشا و قازی محەممەد و بارزانی و خۆ بە میراتگر و خوین ئەستینی وان دەزانن؛ بەڵکوو تا زەمان تێدەپەڕێ قەدر و بایەخی ئەوان لای ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد پتر هەڵدەکشێ و مەزارەکانیان زیاتر چەپکە گوڵی ئەمەگ و وەفای کوردان لە ئامێز دەگرن.

17 هەمین ساڵوەگەڕی لەدایکبوونی پارتی ئازادیی کوردستان، لە کاتێکدایە کە گۆڕانکارییەکانی ئاستی جیهانی و ناوچەیی و نێو بزاڤی کورد دڕێژەیان هەیە و چاوەڕوان دەکرێ بە هۆی هۆکارە نێوخۆیی و دەرەکییەکانەوە شەپۆلی گۆڕانکاری وڵاتی ئێرانیش بگرێتەوە.

کۆنگرەی یەکەمی پارتی ئازادیی کوردستان (10-12 ئۆکتۆبری 2006)، پەسندکراوەکان و بڕیارات و ڕاسپاردەکانی بەشێکی گرینگ لەو خۆ ئامادەکردنەیە کە PAK بۆ گێڕانی دەوری شیاو لەو دۆخ و دەمەدا، جێبەجێی کردووە.

" مانیفێستی ئازادیی کوردستان"، پڕۆگرامی سیاسیی PAK کە بە پشت بەستن بە زانستی سیاسەت و ڕەچاو کردنی بنەما حقوقییەکان داڕژاوە، بە ڕوونترین پڕۆگرامی سیاسیی هێزێکی نەتەوەیی مۆدێرن دادەنرێ کە جگە لە بەرچاو ڕوونی دان بەهەر خەباتگێڕێکی نەتەوەیی، وزە بەخشی تێکۆشانە لەپێناو ئازادیی و سەربەخۆیی کوردستاندا. مانیفێستی ئازادیی کوردستان، ڕاشکاوانە ئەم ئامانجانەی خوارەوە وەک ئاڵای خەبات و تێکۆشانی PAK دیاری کردووە: (بۆ خوێندنەوەیان سەردانی ماڵپەڕی PAZADIK.COM بکە)

لە دەسپێکی هەژدەیەمین ساڵی تێکۆشاندا، خەباتگێڕانی پارتی ئازادیی کوردستان هەر بەهەمان ئیرادە و گوروتینی ڕابردووەوە، شێلگیرانە بۆ وەدیهێنانی ئەو ئامانجە بەرزانە تێدەکۆشن .

لەم بۆنەیەدا، داوا لە ڕۆڵەکانی نەتەوەکەمان و هێز و لایانە سیاسییەکانی دەکەین بۆ کەڵک وەرگرتن لە دەرفەتە لەبارەکان و بەرەنگاربوونەوەی ئاستەنگیەکان، یەکگرن و ڕیزەکانیان یەکبخەن. هەرەوەها بانگهێشتی کوردستانییەکان دەکەین بۆ بەهێزکردنی ڕێبازی نەتەوەیی و لە پێناو دامەزراندنەوەی کۆماری کوردستان و هەڵکردنەوەی ئاڵاکەی، پشتگیریی عەدالانی ئازادیی و سەربەخۆیی کوردستان بکەن.

سڵاو لە 17 ساڵ خەبات و خەرمانێک داهێنانیPAK
سەرکەوێ خەباتی پارتی ئازادیی کوردستان
لەپێناو دامەزراندنەوەی کۆماری کوردستاندا
شەکاوە بێ ئاڵای ئازادیی و سەربەخۆیی کوردستان
کۆمیتەی ناوەندیی
پارتی ئازادیی کوردستان
30گوڵانی 2708

کەیوان ئازاد:

پلانی دامەزراندنەوی کۆماری کوردستان ڕووبەڕووی پیلانی نەیارانی دەبێتەوە

هەر بە بۆنەی17 هەمین ساڵوەگەڕی دامەزراندنی پارتی ئازادیی کوردستان و لە پێناو باشتر ناساندنی بیرۆکە و ئامانجە سیاسییەکانی و دۆزینەوەی ڕەخنە و کەم و کۆڕییەکانیدا، "بۆ کوردستان" ڕووانگەی بەڕێز "کەیوان ئازاد ئەنوەر"، مامۆستای زانستە سیاسییەکانی زانکۆی سلێمانیی وەرگرت.

پرسیار: چ ڕووانگەیەکتان سەبارەت بە خەبات و تێکۆشانی پارتی ئازادیی کوردستان و ئامانجە سیاسییەکانی هەیە؟

وەڵام: پارتی ئازادیی کوردستان، وەک هێزێکی سیاسیی کوردستانی کە خەباتی بۆ ئازادیی کوردستان هەبووە و لە بەرنامەی داناوە، دەیهەوێ لە ئایندەیەکی نزیک ئەو ئەزموونە دووبارە بکاتەوە کە پتر لە 60 ساڵ لەمەوبەر لە کۆماری کوردستاندا بەدی هات. دامەزراندی PAK، خوی لەخویدا هەنگاوێکی پیرۆزە و ئەوە دەگەیەنێ کە ئێستاش لە خۆرهەڵاتی کوردستاندا کەسانێک هەن کە دەرس لە ڕێبەرانی ڕابردووی نەتەوەکەمان وەردەگرن.

PAK، یەکێکە لەو حیزبانەی کوردستان کە لە ماوەی ڕابردووداو هەوڵی داوە پەیامی خۆی بگەیەنێتە کۆمەڵی کوردەواری و بیری ناسیۆنالیزمی کوردیی لە نێو تاکەکانی کۆمەڵگادا بڵاوکردۆتەوە، ئەمە خۆی لە خۆیدا مایەی دەستخۆشییە. خاڵی تر ئەوەیە ئایا PAK، توانیویەتی لەگەڵ هێزەکانی دیکەی کوردستاندا، (بە هەموو باڵەکانی چەپ و ڕاستیەوە) دۆستایەتی بکا و هەموو بتوانن پێکەوە لە ڕێککەوتنێکی سیاسی لە بەرەیەکدا بەرەو ئایندەیەکی سیاسیی گەش هەنگاو بنێن. هەروەها، پێموایە پارتی ئازادی، نابێ گرینگی دان بە جۆری نەک زۆری لەبیر ببا.

لەم یادەدا، چ ڕەخنە و پێشنیارێکتان لە پێناو باشترکردنی کار و چالاکییەکانی پارتی ئازادیی کوردستان بۆ سەرکردایەتییەکەی هەیە؟

وەڵام: یەکەم: PAK دەبێ بەسەر ئەو کەم و کۆڕییانە بچێتەوە کە لە ڕابردوودا هەیبووە. دووهەم: ئەزموونی سیاسیی ئەمڕۆی کوردستان، ناوچەکە و جیهان بخوێنێتەوە و ئەو واقعە سیاسییەی ئەمڕۆ لە جیهاندا هەیە، کاری لەسەر بکا. سێهەم: بایەخ بە پێگەیاندنی پێشمەرگەکانی لە سەر بنەمای نەتەوایەتی و بنەمای ڕێزگرتن لەیەکتر و لە هێزە سیاسییەکانی دیکە بدا بۆ ئەوەی هەموویان پێکەوە بەرەو ئایندەیەکی سیاسیی گەش هەنگاو بنێن. هەروەها، پێموایە پارتی ئازادی، نابێ گرینگی دان بە جۆری نەک زۆری لەبیر ببا.